www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-11-2007 15:59

هەرچیەک بم بەندەی خوام.. وەڵامێک بۆ وەڵامەکەی (کەمالی سەید قادر) ... مەلا موسا

سەنگەسەر

وەکو لەنامەی یەکەمم دا بۆ کەمال ئاماژەم پێکردبوو کە (کەمال دەوڵەمەندە بەتەشهیرو جنێودان) هەر

ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرا.. من دەمزانی تۆ زۆر لەوە بچوکتری، کە خەمی قسەی زل و جنێوی ناشیاوی تۆ، مێژووی پیرۆزی گەلەکەمان بشێوێنێ، لەم روانگەیەوە، زۆر مەبەستمە لە قسەی ناشیرین و تەشهیری نابەجێ خۆم بپارێزم، کە جیوازی نێوان من کەمالی سەید قادر لەو خاڵەدایە.. نامەوێ وەڵامی جنێوەکانت بدەمەوە، چونکە مرۆڤی ترسنۆك و بێ دەسەڵات، تەنها کارێکی کە دەتوانێ بیکات، جنێوو ناتۆرە خستنە پاڵ خەڵکی تر.ە. مەبەستی زیاتری من ئەوەیە کە نووسین و بواری رەخنەگرتن زۆر لەوە گەورەترە، کە جەنابت بە دوو قسەو جنێو نووسین خۆت لەکایەی رۆشنبیریی و مەعریفەدا ببینیەوە. بۆیە دەڵێم بەدبەختی گەل و نەتەوەیەك لەودایە خەڵکانێکی وەکو (کەمالی سەید قادر) مامۆستای زانکۆو سیاسەتکاربێ بەراستی جوانە!!بە پاشەڵی ئەو فەرهەنگە جوانەتەوە دەتەوێ میراتگری خەباتی کوردایەتی و فەرهەنگ و مەعریفەی نەتەوەیەك بیت و لەبەرامبەر مێژووی بەرخودان و ماندوونەناسی سەرکردەو پێشەوایانی کورد رابوەستی، بۆیە دەڵێم لەوە زیاتر خۆت ریسواو بودەڵە مەکە بەناوی نووسین و رەخنەگرتن و خۆت بخەیتە کایەی ململانێکانەوە.. چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری و فەرهەنگ و دەستووری ئێمەی کورد، هەرگیز ڕێگە بەکەس نادات بەم شێوەیەی جەنابت رۆشنخوازی لە جنێوو شەڕی سوکایەتی بەمێژوو بکات، وەڵامی جەنابت کە هاوشێوەی نووسینەکانی ترتە، لە بێ بنەماییدا ئەو پەندە خۆمالێیەم بیردەخاتەوە کە گوتوویانە (دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ و کاروانیش کە کەوتەڕێ گەومااڵ دەوەڕێ) باخەڵکیش دادوەربێ لەنیچوان نووسینەکانی من و تۆدا شتێکی سەیرتر کەمال وشەی دکتۆری کردۆتە پێشگری ناوەکەی.. بەڵێ دکتۆرای هەیە! لە چەواشەکاری و دیماگۆجی.. دکتۆرای هەیە لە جنێودان و ناو زراندنی خەڵکی و رابردووشی ئەو راستیە زیاتر دەردەخات. مێژووی کوردیش بە چەواشەکاران چەواشەناکرێت، لەهەموو سەردەمێکیشدا کاتێ کورد دەرفەتی بۆ رەخسابێ کەسانێکی وەکو سواوەی حەمیدی دەرکەوتوون دەرکەوتوون لە دژی میللەت. دڵنیاشم مێژوو بڕیاری خۆی لەسەر کەمال دەدات، سوکایەتی کردنیش بە سەرکردەکانمان سوکایەتی کردنە بە مێژووی پڕلە خەبات و بەرخودانی گەلەکەمان، کاروانیشی هەر بەڕێوەیەو لە چەقەڵ و گورگیش ساڵ ناکاتەوە. دڵنیاشین لە ئامانج نزیکین و ئاسۆش روونەکە کەسانی دژەدەستکەوت و دژە خواستی گەلەکەمان تەنها روەشیان بۆ ماوەتەوە.

دەمێنێتەوە بڵێم.. ئەرێ چۆن دەزانی نێرەموکم دیارە (...) ؟!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.